سوره 36: یس

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يس (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (2)

سوێند بەقورئانێ کەپڕەلەحیکمەت و دانایی و بەرنامەی ڕاست و دروست.

إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (3)

بەڕاستی تۆ (ئەی محمد صلی اللەعلیەوسلم) لەفرستادەو پێغەمبەرانیت.

عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (4)

لەسەر ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستیت.

تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ (5)

(ئەم قورئانە) لەلایەن زاتێکی خاوەن دەسەڵات و میهرەبانەوەدابەزیوەو (ڕەوانەکراوە).

لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ (6)

بۆ ئەوەی کەگەل و هۆزێکی پێ بێداربکەیتەوەکەباوانیان بێدارنەکراونەتەوەو بەبێ ئاگایی و نەشارەزایی ماونەتەوە.

لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (7)

بەڕاستی بڕیار دراوەلەسەر زوربەیان کەئیمان ناهێنن و بڕوا ناکەن (بەهۆی سەرسەختی و گوێ نەگرتنیانەوە).

إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلاَلًا فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ (8)

(هەر دەڵێی کۆت و زنجیرمان کردۆتەگەردنیان و لەژێر چەناگەیان توند کراوە، وەبەناچاری سەریان بەرز ڕاگیراوەو ئەم لاولایان پێ ناکرێت).

وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ (9)

هەروەها بەربەستمان لەبەردەمیانەوەو لەپشتیانەوەداناوە، پەردەشمان هێناوەبەسەر چاویاندا (مەبەست ئەو بەربەستانەشەکەلەدەروونی خۆیاندا دروستیان کردووەنایەڵێ ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە) (ئیتر) ئەوانە(حەق و ڕاستی) نابینن.

وَسَوَاء عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (10)

ئەوانەچوونیەکەبۆیان، بێداریان بکەیتەوەیا بێداریان نەکەیتەوە(بڕیاریان داوە) باوەڕ نەهێنن.

إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ (11)

تۆ تەنها دەتوانی ئەوانەبێدار بکەیتەوەکەشوێنی قورئان و بەرنامەی خوا دەکەون، لەپەنهانیشدا لەخوا دەترسن، مژدە(بەو جۆرەکەسانە) بدەبەلێخۆشبوون و پاداشتی بایەخدارو بەنرخ.

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ (12)

بێگومان هەر ئێمەمردووەکان زیندوو دەکەینەوە، هەرچی کردوویانەو دەیکەن تۆماری دەکەین لەگەڵ ئاسەوارەکانیشدا، هەموو شتێکمان لەکتێبێکی ئاشکرادا (تۆمارگەی تایبەتدا) بەووردی تۆمار کردووە.

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءهَا الْمُرْسَلُونَ (13)

نموونەیان بۆ بێنەرەوەبەخەڵكی شاری (انطاكية) كاتێك كەدەستەیەک پێغەمبەرمان بۆ ڕەوانەكردن.

إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ (14)

سەرەتا دوانمان بۆ ڕەوانەكردن، كەچی بەدرۆیان خستنەوە، ئێمەش سێهەمێكمان بۆ پشتگیرییان ڕەوانەكرد، هەموویان وتیان: ئێمەبۆلای ئێوە(لەلایەن پەروەردگارەوە) ڕەوانەكراوین.

قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمن مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَكْذِبُونَ (15)

(خەڵكەكە) وتیان: ئێوەئادەمیزادن و خوای میهرەبان هیچ كەسی ڕەوانەنەكردووە، ئێوەهەر درۆ دەكەن.

قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ (16)

(پێغەمبەرەكان) وتیان: پەروەردگارمان خۆی چاك دەزانێت ئێمەبەڕاستی بۆ لای ئێوەڕەوانەكراوین.

وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ (17)

تەنها ئەوەشمان لەسەرەكەبەڕوون و ئاشكرا (پەیامی خواتان) پێ ڕابگەیەنین.

قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (18)

(خەڵكەكە) وتیان: ئێمەبەهاتنتان تووشی نەگبەتی بوویت، ئەگەر واز نەهێنن و كۆڵ نەدەن، بەردبارانتان دەكەین، وەلەلایەن ئێمەوەتووشی ئازارێكی بەئێش دەبن.

قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ (19)

(پێغەمبەرەکان) وتیان: ئێوەخۆتان نەگبەت و شوومن، ئایا ئەگەر یاداوەریتان بکەین (ئەوەدەبێتەنەگبەتی و شووم بۆتان؟!) نەخێر، وا نیە، ئێوەهەرخۆتان قەوم و هۆزێکی سەرەڕۆن و لەگوناهدا ڕۆچوون (بۆیەشووم و نەگبەتی یەخەی گرتوون).

وَجَاء مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ (20)

ئەوسا لەوپەڕی شارەوەپیاوێکی (ئیماندار) بەپەلە، بەگورج و گۆڵی هات و وتی: ئەی قەوم و هۆزم (ئەم پێغەمبەرانەڕاست دەکەن، ئەم فرستادانەڕاست دەڵێن) شوێنیان بکەون و بڕوایان پێ بکەن، ئیمانیان پێ بێنن.

اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ (21)

شوێنی ئەو کەسانەبکەون کەپاداشتیان ناوێت، ئەوانەهیدایەت دراون و (لەسەر بەرنامەیەکی ڕاست و دروستن).

وَمَا لِي لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (22)

(دیارەخەڵکەکەکردوویانەبەگاڵە، بۆیەپیاوچاکەکەوتوویەتی): جا ئەوەبۆچی من ئەو زاتەنەپەرستم کەبەدیهێناوم (ئێوەش خەڵکینە) هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە.

أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَن بِضُرٍّ لاَّ تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلاَ يُنقِذُونِ (23)

ئایا ڕەوایەلەجیاتی خوا چەند پەرستراوێکی تر بۆ خۆم بڕیار بدەم کەهیچیان بەدەست نیەخۆ ئەگەر خوی میهرەبان بیەوێ تووشی ناخۆشییەکم بکات، تکاو پاڕانەوەی ئەو پەرستراوانەفریام ناکەون و ڕزگارم ناکەن.

إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (24)

ئەگەر وا بێت ئیتر ئەوەمن لەگومڕاییەکی ئاشکرادام.

إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ (25)

(ئیتر ئەوەمن بڕیارم داوە) کەئیمان بەپەروەردگارتان بێنم، با چاک گوێتان لێبێت.

قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ (26)

(دیارەکەخوانەناسان پەلاماریان داوەو شەهیدیان کردووەوبۆیەپێی وتراوە: فەرموو بۆ ناو بەهەشت، (لەوێشەو هەر دڵسۆزانە) وتوویەتی: خۆزگەقەوم و هۆزم بیانزانیایە(سەرئەنجامی ئیمان چۆنەو کەوتوومەتەناو چ نازو نیعمەتێکەوە).

بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ (27)

(چۆن) پەروەردگارم لێـ خۆش بووەو خستمیەڕیزی ڕێزلێگیراوانەوە.

وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِن بَعْدِهِ مِنْ جُندٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ (28)

(دوای شەهید بوونی خوا دەفەرموێت): وەنەبێ هیچ سەربازێکمان لەئاسمانەوەناردبێتەخوارەوە، هیچکام لە(فریشتەکانیشمان) ڕەوانەنەکرد (بۆ لەناو بردنیان).

إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ (29)

(بەڵکو تەنها) یەک دەنگی گەورەو شریخەیەکی بەهێز هەموویانی خامۆش کرد.

يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (30)

پەشیمانی و داخ و ناڵەبۆ بەندەکان، هەر پێغەمبەرێکیان بۆ دێت گاڵتەی پێ دەکەن.

أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لاَ يَرْجِعُونَ (31)

ئایا ئەوەنەیان دی چەندەهای پێش ئەمانمان لەناو بردووە، خۆ هەرگیز ناگەڕێنەوەناویان و (ناگەڕێنەوەبۆ دنیا).

وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ (32)

لەوەودوا لەڕۆژی قیامەتدا هەر هەموویان لای ئێمەئامادەن (بۆ لێپرسینەوە).

وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ (33)

لەبەڵگەو نیشانەی ئاشكرا بۆ ئەو خەڵكەزەوی مردووە(كەبەهۆی ئاوی بارانەوە) زیندووی دەكەینەوە، دانەوێڵەی لێ پەیدا دەكەین كەلێی دەخۆن.

وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ الْعُيُونِ (34)

(هەروەها) جۆرەها باخاتی لێ بەرهەم دێنین، لەدارخورماو ڕەزەتری، هەروەها چەندەها كانیاویشمان تیادا هەڵقوڵاندووە..

لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ (35)

دەبا لەبەروبومەكەی بخۆن، ئاشكراشەكەبەدەستی ئەوان دروست نەكراوە.. یاخود لەبەرهەمی دەستی خۆشیان بخۆن (كاتێک لەو بەری درەختانەشتی تر وەک دۆشاوو سركەو شەربەت..هتد دروست دەكەن) هەروەها جێگەی تێڕامانەكە: ئادەمیزاد وردبێتەوەلەدەنكەدەنكەی ئەو بەروبومانەچۆن پێچراونەتەوە، هەروەها قەبارەیان، ڕەنگیان، بۆنیان، تامیان...هتد ئایا (لەبەرانبەر ئەو هەموو نازو نیعمەتانەوە) سوپاسگوزار نابن؟!

سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ (36)

پاكی و بێگەردیی بۆ ئەو زاتەی كەهەر هەموو (بەدیهێنراوەكانی بەجووت دروستكردووەلەوەی كەلەزەویدا دەڕوێت، لەخۆشیان و لەو

شتانەش کەنایزانن (لەسەردەمی عیلم و زانستدا ڕوون بۆتەوە: کەهەموو بەدیهێنراون- ماددی و مەعنەوی- جووتن).

وَآيَةٌ لَّهُمْ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ (37)

بەڵگەو نیشانەیەکی (ئاشکرای تر) بۆیان، شەوە، کەپۆشاکی (ڕووناکی ڕۆژی لەبەر دادەماڵێن ئیتر دنیا لێیان تاریک دەبێت.

وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (38)

خۆریش لەگەردش و سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامەو بەرەو سرەوت دەچێت، یاخود بەدەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوەئەوەتوانای زاتێکی باڵادەست و زانا دەردەخات (کەهەموو شتێکی بەڕێک و پێکی دروستکردووە).

وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ (39)

هەروەها کات و شوێنی مانگیشمان دیاریکردووە(هەر شەوێک لەکاتێکی دیاریکراوو شوێنێکی دیاریکراودا هەڵدێت، ڕادەی ئەو ڕووناکیەش کەدەکەوێتەسەری جیاوازە، هەتا (سەرئەنجام هەموو مانگێک لەڕواڵەتدا) وەک چیلکەیەکی وشکی باریک دەنوێنێت.

لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (40)

نەڕۆژ بەمانگ دەگات و (لەهێڵ و ڕێڕەوی خۆی دەردەچێت)، نەشەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لەڕێڕەوی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەکەن و (بەئاسانی دەسوڕێنەوە).

وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (41)

بەڵگەو نیشانەیەکی تر (لەهێزو دەسەڵاتمان) ئەوەیەکەئێمەنەوەکانیانمان لەکەشتیەکەدا هەڵگرت (مەبەست کەشتی حەزرەتی "نوح"ەکەبەباپیرەگەورەی دووەمی ئادەمیزاد دەدرێتەقەڵەم).

وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ (42)

هەروەها کەشتی و هۆکاری تری هاتوچۆی لەوێنەی ئەو بۆ سازاندوون، (کەهۆکارەکانی گواستنەوەی ئاسمانیی و زەمینیی و هەوایی ئادەمیزادو مادەی خانوو سوتەمەنی و..هتد)

وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ (43)

خۆ ئەگەر بمانەوێت نوقمیان دەکەین، نەفیزەوهاواریان دەبێت، نەڕزگارکراویش دەبن.

إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ (44)

مەگەر ڕەحمەت و میهرەبانی ئێمە(مۆڵەتیان) بدات تا ماوەیەکی دیاریکراو بەهرەلە(ژیان) وەرگرن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (45)

خۆ ئەگەر (بەبێباوەڕان) بوترێت: خۆتان لەسزای بەردەمتا (لەدنیادا) وەسزای داهاتوو (لەقیامەتدا) بپارێزن، بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت (باکیان نیەو گوێی پێ نادەن).

وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ (46)

بۆیەهەر ئایەت و بەڵگەو نیشانەیەکیان نیشان بدرێت لەئایەتەکانی پەروەردگاریان هەر پشتی تێ دەکەن و گوێی پێ نادەن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقَكُمْ اللَّهُ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ أَطْعَمَهُ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (47)

خۆ ئەگەر پێیان بوترێت ببەخشن لەوەی کەخوا پێی بەخشیون، ئەوانەی بێ باوەڕن بەوانەدەڵێن کەباوەڕدارن: ئایا ئێمەخواردن بدەین بەکەسێک کەئەگەر خوا بیویستایەخۆراکی پێ دەبەخشی؟ ئێوەهەر لەگومڕایی و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیرتان خواردووە!!

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (48)

(بێ باوەڕان: بەگومانەوەڕووو بەئیمانداراران) دەڵێن: باشە(ئەگەر قیامەت و لێپرسینەوەڕاستە) کەی ئەو کاتەدێت ئەگەر ڕاست دەکەن؟!

مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ (49)

(ئەوانە) تەنها چاوەڕێی یەک شریخەو دەنگێکی زۆر گەورەی سامناکن کەهەموویان دەپێچێتەوەو (کۆتایی بەژیانیان دێنێت) لەکاتێکدا کەسەرگەرمی کاروباری دنیای خۆیانن، سەرگەرمی کێشەو بەربەرەکانێی ناحەقن.

فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ (50)

(ئەوسا ئیتر) نەدەتوانن ڕاسپاردەیەک بگەیەنن، نەدەتوانن بەگەڕێنەوەبۆ ناو ماڵ و منداڵیان (چونکەهەموویان لەناوچون).

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ (51)

(لەوەودوا) هەر کەفوو دەکرێت بە(صور)دا هەموان لەگۆڕەکانیان دێنەدەرەوەو بەرەو (گۆڕەپانی تایبەتی) بۆلای پەروەردگار بەپەلەدەچن.

قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ (52)

(بەسەرسامیەکی زۆرەوە) دەڵێن: (ئەی هاوار) ئەوەکێ ئێمەی خەبەرکردەوە؟ کێ ئێمەی زیندوو کردوەوە؟ کێ ئێمەی لەشوێنی ڕاکشانمان لەگۆڕەکانمان دەرهێنا؟ (ئەوسا ئیمانداران، یا فریشتەکان یا خوای میهرەبان) خۆی دەفەرمویێت: ئا ئەمەبەڵێنی خوای میهرەبانەو پێغەمبەرانیش (لەهەواڵدانی ئەو ڕۆژە) ڕاستیان کردووە.

إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ (53)

ئینجا دەنگێکی گەورەی کوتوپڕ پێش دێت، ئەوسا ئیتر هەموویان لای ئێمەی (دادپەروەر) ئامادەدەبن.

فَالْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (54)

(ئینجا ئەم جارەدەدرێت:) ئەمڕۆ هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێت بەهیچ شێوەیەک، (خەڵکینەدڵنیابن کە): تەنها پاداشتی کارو کردەوەی خۆتان وەردەگرن.

إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ (55)

ئەمڕۆ ئیتر خاوەنانی بەهەشت زۆر لەخۆشیی و شادیی و کامەرانیەکی (بێ وێنەدا) کات دەبەنەسەر.

هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلَالٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِؤُونَ (56)

خۆیان و هاوسەرانیان لەژێر سێبەری (درەختی جوان و چڕو پڕدا) لەسەر کورسی و قەنەفەڕازاوەکان شانیان داداوە.

لَهُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ (57)

میوەهاتی (زۆرو جۆراوجۆریان) پێشکەش دەکرێت، هەروەها هەرچی داوای بکەن و حەزی لێبکەن دەست بەجێ ئامادەیە(لەخواردن و خواردنەوە، لەجل مبەرگی جوان، لەجێگەو ڕێگەی خۆش، لەهۆکاری هاتوچۆ، لەهەزاران نازو نیعمەتی بێشومار).

سَلَامٌ قَوْلًا مِن رَّبٍّ رَّحِيمٍ (58)

هاوڕی لەگەڵ سڵاوو (ڕێزدا) لەلایەن پەروەردگاری میهرەبان و دلۆڤانەوە.

وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ (59)

(لەولاشەوەبەیاخیەکان دەوترێت) ئادەی تاوانبارو گوناهکاران، جیاببنەوە.

أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (60)

(ئەوسا خوای گەورەگلەیی لەیاخیەکانی نەوەی ئادەم دەکات): ئەی نەوەی ئادەم: مەگەر من پەیمانم لێ وەرنەگرتن کەشەیتان نەپەرستن چونکەئەو دوژمنی ئاشکراتانە.

وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ (61)

بەڵکو تەنها من بپەرستن کەھەر ئەمەیەرێگەو رێبازی ڕاست و دروست.

وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ (62)

چونکەشەیتان بووەتەھۆی گومڕاکردنی خەڵکێکی زۆر لەئێوە، ئایا بۆچی ژیری خۆتان نەخستەکارو لەو ڕاستییەتێنەگەیشتن.

هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ (63)

(ئێتر) ئەمەئەو دۆزەخەیەکەھەڕەشەمان پێ دەکرد لێتان (تا خۆتانی لێ بپارێزن).

اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ (64)

دەبێ ئەمڕۆ بگەیەنرێنەناوی لەسەرئەنجامی بێ باوەڕیتاندا.

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (65)

ئەمڕۆ مۆر دەنێین بەدەمیانداو (قسەیان بۆ ناکرێت)، بەڵکو دەستیان قسەمان بۆ دەکات (دەربارەی ئەو تاوانانەی کەئەنجامیان داوە، کاتێ کەشریتی کاسێت و ڤیدیۆو سی دی و دیسک قسەمان بۆ دەکەن باوەڕبوون بەقسەکردنی دەست و قاچ ئاسانە)، قاچیان شایەتیی دەدات (کەبۆ کوێ ھاتوچۆیان پێ کردووە) چ کارو کردەوەیەکیان پێ ئەنجامداوە.

وَلَوْ نَشَاء لَطَمَسْنَا عَلَى أَعْيُنِهِمْ فَاسْتَبَقُوا الصِّرَاطَ فَأَنَّى يُبْصِرُونَ (66)

(خوانەناسان بۆ بیرێک ناکەنەوە) خۆ ئەگەر بمانەوێت چاویان کوێر دەکەین و شوێنەری نایەڵین، ئەو کاتەدەیانەوێت بەڕێگادا بڕۆن بەڵام چۆن دەتوانن ڕێگەببینن؟!.

وَلَوْ نَشَاء لَمَسَخْنَاهُمْ عَلَى مَكَانَتِهِمْ فَمَا اسْتَطَاعُوا مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ (67)

یاخود ئەگەر بمانەوێت هەر لەجێگەی خۆیان (لەو جێگەیەدا کەتاوانی تیا ئەنجامدەدەن) گۆج و ئیفلیجیان دەکەین (یا ڕوخساریان دەخەینەشێوەی ئاژەڵ و جانەوەرەوە) ئەوسا ئیتر ناتوانن نەبەرەوپێش بچن، نەبگەڕێنەدواوە.

وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلَا يَعْقِلُونَ (68)

(خۆ ئاشکرایە) ئەوەی تەمەنی درێژی پێ ببەخشین، جوانی ڕواڵەتی بۆ ناهێڵین، ئایا بۆ ژیریان ناخەنەکار؟!

وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ (69)

(ئایەتەکانی قورئانیان بەشیعر داوەتەقەڵەم و پێغەمبەریش صلی اللهعلیەوسلم بەشاعیر، بۆیەدەفەرموێت): وەنەبێ شیعرمان فێرکردبێ، شیعر وتنیش لەو قەدەغەیە، بەڵکو ئەم یادخەرەوەی ڕێبازی ڕاست و دروستە.

لِيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ (70)

(ئەم قورئانە) بۆ ئەوەیەکەئەو کەسانەبێداربکاتەوەکەزیندوون (دڵ و عەقڵیان زیندوو هۆشیارە)، تا بڕیاریش لەسەر کافران جێبەجێ بکرێت (بڕیاری سەرگەردانی دنیاو سزای قیامەت، ئەگەر باوەڕی پێ نەکەن).

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ (71)

(باشەئەو خەڵکە) نابینن چۆن بەدەستی (بەتوانای) خۆمان ماڵاتمان بۆ دروستکردوون و ئەوان بوونەتەخاوەنی؟

وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ (72)

ئینجا ڕامان هێناون بۆیان، لە(گۆشتی) هەندێکیشیان دەخۆن.

وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ أَفَلَا يَشْكُرُونَ (73)

هەروەها سوودو قازانجی زۆریان لێ دەبینن (جگەلەوانەی باسکرا، بۆ زەوی کێڵان، بۆ ئاودەرهێنان، شیرەکەی) دەخۆنەوەو (جۆرەها خۆراکی لێ دروستدەکەن) ئایا ئەوەسوپاسی (خوای بەخشندە) ناکەن؟!

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ (74)

سەرەڕای ئەم هەموو نازو نیعمەتەئاشکرایە، نەفامان): لەجیاتی خواپەرستیی، بت و شتی تر دەپەرستن و بەتەمان سەر بخرێن و (سەرکەوتن بەدەست بێنن).

لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ (75)

بەڵام ناتوانن سەریان بخەن (بەڵکو) هەر ئەمانەبوونەتەسەربازو پاسەوان بۆ بتەکان و هەمیشەلەخزمەتیاندا ئامادەن.

فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ (76)

(ئەی محمد صلی اللهعلیهوسلم) قسەو گوفتاری ئەوانەغەمبارت نەکات، چونکەئێمەئاگادارین بەوەی کەدەیشارینەوەو ئەوەش کەئاشکرای دەکەن.

أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ (77)

ئایا ئادەمیزاد نابینێ، کە: ئێمەدروستمان کردووەلەنوتفەیەک کەچی بووەتەدوژمنێکی ئاشکراو (دژایەتیمان دەکات)؟!

وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ (78)

نموونەمان بۆ دێنێتەوەو بەدیهاتنی خۆی فەرامۆش دەكات، دەڵێت: كێ ئێسكی ڕزیوو داتەپیو زیندوو دەكاتەوە؟!

قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ (79)

پێیان بڵێ: ئەو كەسەی كەیەكەمجار دروستی كردووە، زیندووی دەكاتەوە، وەئەو بەهەموو دروستكراوێك زاناو ئاگایە... (دروستكردن و دروستكردنەوەی هەموو شتێكی لا ئاسانە).

الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ (80)

ئەو زاتەی كەلەدرەختی سەوز ئاگرتان بۆ بەدی دێنێت، ئیتر ئێوەدایدەگیرسێنن.

أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ (81)

ئایا ئەو كەسەی كەئاسمانەكان و زەوی دروستكردووەناتوانێت دووبارەوەك خۆیان دروستیان بكاتەوە؟! بەڵێ (زۆر چاك دەتوانێت) وەئەو لەدروستكردن و داهێناندا زۆر بەتواناو زانایە.

إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (82)

هەركاتێك فەرمانی دەرچوو، ویستی شتێك جێبەجێ بكاو بیهێنێتەدی، دەستبەجێ و بێ دواكەوتن پێشدێت و ئەنجام دەدرێت.

فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (83)

پاكی و بێگەردیی و ستایش بۆ ئەو زاتەی كەجڵەوی هەموو شتێكی بەدەستەو خاوەنی هەموو شتێكەو، گەڕانەوەشتان هەر بۆلای ئەو زاتەیە.